لیستی مووچەی مانگی تەممووزی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم لادەستی وەزارەتی دارایی عێراق کرا

لیستی مووچەی مانگی تەممووزی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم لادەستی وەزارەتی دارایی عێراق کرا.

وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە (21ـی تەممووزی 2024)، لیستی مووچەی مانگی تەممووزی سەرجەم فەرمانبەران و مووچەخۆران و دەزگا ئەمنی و سەربازیەکان لەلایەن تیمی هونەری وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانەوە لادەستی بەڕێوبەرایەتی گشتی ژمێریاری لە وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ کرا.

لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم هاتووە، لیستی مووچەی خانەنشینان بە هاوتاکراوی بڕیاری یاسای خانەنشینی یەکگرتوو دەرکراوە.